# ئێوارەیەکی شین



دڵی ڕۆژهەڵات

ئێوارەیەکی شەممە

من و تۆ

دەچینەوە ناو داڵانێك لە خەیاڵ و

ناو وەهمێك لە یادەوەریمان

ئێوارەیەکی شەممە

سپی سپی دەچینەوە ناو ناو سلێمانیی و

ئەزمەڕ دەبێتە پارچەیەك سەوزایی

ئەوە من و منین

دەبینەوە بەشێك لە نایادەوەری و

تۆش دەبیتەوە جوزئێك لە یاد

یادکردن

لە فەرهەنگی شیندا

لە نەخشەی سووردا

له خەیاڵی سەوزدا
سپی دەچێتەوە ناو شوێن و
شوێن دەبێتە ڕوئیای زەمەنمان.
سپیبوون کوشتنی سڵاوکردنە لە سەر شەقامەکانی تەمەن و
لە یادچوونەوەی هەموو شتێکە و
ونکردنی ڕاکردنە
شیعر
گەڕانەوەیە بۆ سەرەتای هەموو خەیاڵکردنێك و
لە بەینبردنی زەمەن.

سلێمانیی
دڵی ڕۆژهەڵات